www.kurdistannet.org
28-5-2006 17:31 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## خانمی جامباز.. پشکۆ

ئەی خانمە جامبازەکەی تەڵە تەقێن
ئەم عەشقەی تۆ فریشتەیە یا گرێ کوێرەی بەنە خوێن؟
چاوەکانت بە ڕۆژ جوتێ ئاسایشن، منی لگاوچی ڕاو ئەنێن
شەوانەش ئەبن بە چەتەی سەر شەستێکە و
هەڵم ئەبرن
دەورم ئەگرن
هاوار ئەکەن ڕووت بەرەوە
کاتێ بە ڕوتی ئەم ببینن خێرا هەڵدێن.
ئەی خانمە جامبازەکەی تەڵە تەقێن
چیت ئەوێ لە منی ماندوو؟
ئەم کوتی لە دەسکەوانا و ئەم جنی بە شەکر شکێن.
نە گۆنات ڕەحەتەڵقومە تا دوو لێوم بکەم بە بسکیتی کەرە
نە گەردنت شوشەییە تا لە شکان بت پارێزم
هەروەکو تەلی پەنجەرە
خۆکەپم لە چاوا نیە، من ئەڵێم ئەوانە شوتین
تۆ پێم ئەڵێی نەخێر هەرمێن
خۆ کچەکەی تایتانیک نیت پەلت بگرم و ڕات کێشم
بچینە ناو جێبەکەوە و
حیمایەکانی باوکیشت چنگ لەسەر شان ڕاومان بنێن
ڕاستە دڵم مناڵێکی چڵمنی سەر جادەکەیە
بەڵام هیچی لە تۆ ناوێ
نە هەڵماتێن نە هەللوکێن
چونکە لای تۆ وەعدوبەڵێن
هەر چەن ساتێک پاک و جوانن نازانم بۆ خێرا ئەشکێن
هەر ئەڵیی پاسکیلی کرێن.
کە وای لیهات هەزار فاکت بە فیکێکم
سەر و حەجت بە تیلێکم
تیرەکانت لە دڵێکی مردوو ئەدرێن

pishko. rahim@yahoo. co. uk